# هزری پەروەردەیی لە پراگماتی جۆن دویدا

**مسلم حسن محمد**

بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەرین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمیل:** dr.muslimhasan2004@uor.edu.krd

**سەرکار حمەرشید سعید**

بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەرین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** sarkar.saeed@univsul.edu.iq

## پوختە:

ژیان پەیوەستە بە مانەوە و بەردەوامییەوە لە نێو سەرجەم بونەوەرە زیندووەکاندا، مرۆڤیش وەک زیرەکترین بونەوەری زیندوو بە سروشتی خۆی جیاواز لە سەرجەم زیندەوەرانی دیکە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. واتا ئارەزووی بۆ ژیانی شارستانی هەیە، ژیانی شارستانیش واتا ئەو ژیانەی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە لە کۆمەڵگەدا بەسەری دەبات، ئەمانەش هەمووی لە پێناو دابینکردنی پێداویستییە جۆراو، جۆرەکانیدایە کە لە توانایدا نییە بە تەنها دابینیان بکات، چونکە مانەوە و بەردەوامی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بتوانێت دەستەبەری ئەو پێداویستیانە بکات. ئەرکی پەروەردەش بریتی دەبێت لە ڕێکخستنی ئەم شێوازە ژیانە کۆمەڵایەتییە، بۆیە پرۆسەی پەروەردە بریتی دەبێت لە ئامادەکردنی مرۆڤێکی کامڵ بۆ کۆمەڵگە، تاوەکو بتونێت لە ئاست ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتیەدا بێت، کە کۆمەڵگەکەی پێویستی پێیەتی و پێیدەسپێردرێت.

کاری پەروەردەش دیاریکردنی دروستترین ڕێگەیە، کە خۆی دەبینێتەوە لە هزری پەروەردەیی هزرڤانان و فەیلەسوفاندا، بەشێوازێکی ڕێکخراو پرۆسەی پەروەردە دادەڕێژن پەیوەست بە سەردەم و ژینگەی کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە. ئاراستەی پراگماتیش بە یەکێک لە دیارترین ئەو ئاراستانە هەژمار دەکرێت، کە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان دەدات لە نێویاندا پرۆسەی پەروەردە دەکرێتە ئامرازێک بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە.

**کلیلە وشەکان:** پراگماتی، پەروەردە، دیموکراسی، فێرخواز، مامۆستا، فێرگە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## پێشەکی:

پەروەردە وەک پرۆسەیەکی گرنگ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەمیشە جێگای بایەخ و گرنگی پێدان بووە، ئەم گرنگی پێدانەش بە تایبەت لە روانگەی هزرڤانان و فەیلەسوفانەوە بەدیار دەکەویت، هۆکاری ئەم گرنگی پێدانەش لە لایەک پەیوەستە بەو رۆڵە گرنگەی کە پەروەردە دەیگێرێت لە گۆرینی رەفتاری تاک و رێکخستنی کۆمەڵگە، لە لایەکی تریشەوە پەیوەستە بە گرنگی پەروەردە لەو رووەوە، کە هزرڤانان و فەیلەسوفان ئەوەی پێشکەشی دەکەن بریتییە لە کۆمەڵێک هزری تیۆری گرنگی و بایەخی ئەوتۆیان بۆ کۆی ژیانی مرۆیی نابێت. بۆیە پەروەردە دەبێتە ئەو کارخانەیەی، کە لایەنی کردەیی هزرڤانان و فەیلەسوفان، وادەکات کە بایەخ و گرنگی ئەم هزرە تیۆریانە بە شێوەی پراکتیکی لە کۆمەڵگەدا دەر بکەوێت، لەم رێگەیەوە هزرڤانان و فەیلەسوفان دەبنە بەشێک لە کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤ، هەروەها سود و گرنگی و بایەخی هزر بۆ ژیانی مرۆڤ دەردەکەوێت، ئەمە وا دەکات کە هزرڤانان و فەیلەسوفان نەتوانن دەستبەرداری پەروەردە ببن، هەروەها لە بەرامبەریشدا دەبێتە هۆکاری ئەوەی، کە مرۆڤەکانیش هەمیشە بە ئاراستەی ژیری و زانستدا هەنگاو بنێن و نەخشە رێگای ژیانیان لەسەر بنەمای هزر بێت .

## گرنگیی توێژینەوەکە:

1. دەرخستنی گرنگی پرۆسەی پەروەدە و فێرکردن لە ژیانی مرۆڤدا.
2. دیاریکردنی ئامانجی سەرەکی پرۆسەی پەروەردە لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا.
3. خستنەڕووی ڕۆڵی پیشەو گرنگی لە کۆمەڵگە و سەردەمە جیاوازەکاندا، کە چۆن دەبێتە هۆکاری سەرەکی پرکردنەوەی پێداویستییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا، لەرێگەی پرۆسەی پەروەردەوە گەشە بە پیشە جیاوازەکان دەدرێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** خستنەڕووی هزری پەروەردەی پراگماتیی جۆن دیویە، کە تیایدا ڕۆڵ و گرنگیی رەگەزەکانی پەروەردە گۆڕانی گەورەیان بەسەردادێت، لە دیارترینیان دیاریکردنی فێرخوازە وەک ناوەندی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، هەروەها فراوانکردنی رۆڵی فێرگەیە بە چەشنێک کە ببێتە دامەزراوەیەکی پیشەیی وکۆمەڵایەتی.

## پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە:

ئایا فەلسەفە دەتوانێت لە رێگەی پەروەردەوە لە نێو کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤدا خۆی پراکتیزە بکات؟


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

**میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی بەکارهاتووی توێژینەوەکەمان بریتییە لە میتۆدی شیکاری بۆ هزری پرگماتیی دیوی، لە بارەی پەروەردە و ڕێکخستنی کۆمەڵگە لەرووی پیشە و بەرپرسیارێتییەوە، لە ڕوانگەی پەروەردەیەکی کردەییەوە لە سایەی سیستمێکی دیموکراسیدا.

**پلانی توێژینەوەکە:** پێکهاتووە لە دوو بەش، بەشی یەکەم: هرینی پراگماتی دابەشکراوە بۆ دوو باس، باسی یەکەم ئاماژەمان بە تێگە و مانای پراگماتی داوە، باسی دووەم تەرخانمانکردووە بۆ میتۆدی هزرینی پراگماتی و پاشان میتۆدی ئامرازگەری دیوی. بەشی دووەم: پەروەردە و سیاسەت لە هزری جۆن دیویدا، کە دابەشکراوە بۆ سێ باس، باسی یەکەم تایبەتە بە هزری پەروەردەیی دیوی، باسی دووەم ئاماژەمانداوە بە رەگەزەکانی پەروەردە لە هزری دیویدا، باسی سێیەم تەرخانکراوە بۆ پەروەردە و دیموکراسی.

## بەشی یەکەم: دەروازەیەک بۆ فەلسەفەی پراگماتیی

## ١. تیگەی پراگماتیزم

### ١.١. مانای زاراوەیی پراگماتیزم:

پراگماتیزم لێکدراوە لە وشەی پراگما (PRAGMA )کە بەمانای (کار) دێت(صليبا،١٣٨٥،ص٢٠٣) لە بنەرەتدا ئەم وشەیە لە گریکی- لاتینییەوە هاتووە(عەزیز،٢٠١٦،ل١٧٢). وشەکانی (Practice) و(Practical) کە بە واتای کردە و کردەیی دێت لێوەی وەرگیراوە، هەندێکیش پێیان وایە وەرگیراوە لە (prasso)یان(prato)یان(prattein)کە ئاماژەن بۆ (افعل) بە واتای کردن(رزکار،٢٠١٣،ص١٠).

بەو کەسەی کە پەیرەوی ئەم ڕێبازە فەلسەفییە دەکات دەگوترێت پراگماتی، ئەو کەسەیە کە سەرگەرمی گەران بێت بەدوای کردەی سودبەخشدا، واتا بایەخی فاکتەکان لەلای گرنگبێت، بەکردەوە شت بکات و کردەیی بێت(عەزیز،٢٠١٦،ل١٧٢).

کەواتە واتا زمانەوانییەکەی پراگماتی کە هاوواتایە لەگەڵ سەرپەرشتیکردنی کردەیی هەردوکیان بەواتای کردەیی دێت(المرهج،٢٠٠٨،ص١٧) لە هەموو ڕویەکەوە واتای ئەو کردەیە پەیوەستە بەو بارودۆخەوە کە تا چەند سودبەخشە بۆ مرۆڤ، ئەم سودبەخشی و واتا کردەییە دوو لایەن دەگرێتەوە:

١. لایەنی یەکەم پەیوەندی بە ئەنجامی سەرکەوتوی هەر کارێکەوە هەیە لە ژیاندا پەیوەستە بە زانینە زگماکییەکان و ئەرکە ئاکارییەکان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

٢. لایەنی دوووەم پەیوەندیدارە بە مانای ئەم وشەیەوە لە سەردەمی گریکەوە، لەلایەک ڕاستی کردەیی و سودبەخشی لە بەرامبەر شتی بێ سود و قسەی بەتاڵ(لالاند،١٩٩٦،ص١٠١٢).

## ١.٢. تێگەی پراگماتیزم

پراگماتی ناوێکە دراوەتە پاڵ کۆمەڵێک فەلسەفەی جیاواز کە سەرجەمیان هاوبەشن لە بنەمایەکی گشتیدا ئەویش ئەوەیە کە ڕاستی و دروستی هەر ئایدیایەک پەیوەستە بەوەی ئەنجامی ئەم ئایدیایە تا چەند سودبەخشە(رشوان، ١٩٨٤،ص٤١)، بەڵام بەشێوەیەکی دیاریکراو بە یەکێ لە ڕێبازە فەلسەفییەکان دەگوترێت کە لەسەر دەستی چارلس ساندرس پێرس(١٨٣٩-١٩١٤) لە ئەمریکا دەرکەوتووە(المرهج،٢٠٠٨،ص١٧) ئەمەش لە میانەی وتارێکیدا کە لە بەندی دوازدەی گۆڤاری مانگانەی ئەمریکایی ناسراو بە (Poular Scince Monthly) بە ناونیشانی چۆن ئایدیاکانمان ڕونبکەینەوە (كيف نوضح أفكارنا How to make our Idea Clear) لە ساڵی ١٨٧٨ز سەرەتای ڕێبازی فەلسەفەی پراگماتی دارشتووە(دیورانت،٢٠٠٤،ص٣٧٦). پەیوەست بە زانین و پێناسەی ڕاستییەوە دەچێتە چوارچێوەی هزرینی ڕێژەییەوە، چونکە بە بڕوای ولیم جیمس هەرکەسەو لەلای خۆیەوە بۆی هەیە لە گۆشەنیگای خۆیەوە شرۆڤە بکات و سەرنج بدات(عزیز،٢٠١٣،ل٣١٧) لەم بارەیەوە دەڵێت:"پێش چەند ساڵێک من و تاقمێک بۆ سەیران لە شاخ و چیابووین، دوای گەڕانەوەم لە پیاسەیەکی بەتەنیا، دیتم هەموویان سەرگەرمی مشتومڕێکی میتافیزیکین، بابەتی ئەو هەرایەیان سمۆرەیەکی زیندوو بوو، کە خەڵکەکە پێیان وابوو بە دیوێکی قەدی درەختێکەوەیەو بە دیوەکەی تردا مرۆڤێک ڕاوەستاوە، ئەو مرۆڤە دەیەوێت دەم و چاوی سمۆرەکە ببینێت بۆیە بەوپەڕی خێراییەوە بە دەوری درەختەکەدا دەسوڕێتەوە، سمۆرەکەش بەهەمان خێرایی بە پێچەوانەوە دەسوڕێتەوە بۆیە قەدی درەختەکە هەمیشە لە نێوانیاندایەو ناتوانێت ڕووی سمۆرەکە ببینێت، کێشە میتافیزیکییەکە لەوەدایە کە ئایا مرۆڤەکە بە دەوی سمۆرەکەدا دەسوڕێتەوە یان نا؟..."(جیمس،١٩٦٥،ص٦٢)، وەڵامی سەرجەمیان لە ڕوانگەی ولیەم جیمسەوە پەیوەستە بە دڵنیابون و قەناعەت پێکردنەوە(عزیز،٢٠١٣،ل٣١١).

## ٢. میتۆدی هزرینی پراگماتیی:

میتۆد لە هزرینی پراگماتیدا بایەخ و گرنگی زۆری پێدەدرێت، چونکە ئەم شێوازە هزرینە هەروەک ئاماژەی پێدراوە لەلایەن ڕابەرانی سەرەکی پراگماتییەوە باس لە دروستکردن و دامەزراندنی هیچ ئاڕاستەیەکی فەلسەفی ناکات، لەبەرامبەر ئەو ئاراستە باوانەدا کە هەبوون لە مێژووی فەلسەفەدا، بەڵکو پراگماتی میتۆد و ڕێگایەکە بەمەبەستی توێژینەوە و یەکلایی کردنەوەی بابەت و کێشە ئامێزەکانی فەلسەفە بەکاردەهێنرێت، واتا بایەخ بەو میتۆدە دەدرێت کە کێشەکانی پێ چارەسەر دەکرێت(عزیز،٢٠١٣،ل٣١٣)، ئەم تێڕوانینەش بۆ پراگماتی لای زۆرێک لە پەیڕەوانی پراگماتی بەدیدەکرێت لەکاتی هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی پراگماتیدا سەرجەمیان دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی پراگماتی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

میتۆدە و ئاراستەیەکی فەلسەفی نییە(المرهج،٢٠٠٨،ص٢٤) بە چەشنێک سەرجەمیان پێیانوایە کە پراگماتی"ئاراستەیەکە بۆ مەبەستی چارەسەکردنی کێشە فەلسەفییەکان..."(جیمس،١٩٦٥،ص٦٣-٦٤)رەگو ریشەی میتۆدی پراگماتی وابەستەیە بەو یاساو ریسایەنەی کە پێرس لە سەرەتای دامەزراندنی بانگەشە و دامەزراندنی شێوازی هزرینی پراگماتیدا رەنگی رشتووە، کە ناودەبرێت بە (Maxim) واتا راستییەکی گشتی کە"پابەندە بە دەرەنجامە زانستییەکانەوە..."پێرس ئەو بنەمایانەی کە بۆ هزرینی پراگماتی دایناوە مەبەستی سەرەکی گەیشتنە بە بەرزترین ئاستی رون و ئاشکرایی لە بابەتەکاندا، بۆ ئەم مەبەستەش لە زۆرێک لە نوسراوەکانیدا ئاماژەی بەوە داوە دەڵێت:"بۆ ئەوەی دڵنیابینەوە لە واتای هەر تێگەیەکی عەقڵی، پێویستە دەرەنجامی کردەیی لەو تێگانەوە بەدەستبهێنین، کۆی ئەم دەرەنجامە کردەییانە واتایەکی تەواو پێکدەهێنێ بۆ ئەو تێگانە..."(المرهج،٢٠٠٨،ص٢٤).

گرنگی میتۆدی پراگماتی لەوەدا دەردەکەوێت، کە هەوڵدەدات چارەسەری کێشەکان بکات بە چەشنێک کە هێزو پێگەی و توانای مرۆڤی تێدا بەرجەستە دەبێت"گەرانەوەیە بۆ تایبەتمەندی و کردە، گرنگی ئەم میتۆدە لەوەدایە کە توانای هەیە لەسەر گۆرانی هەڵوێستمان لە کێشە فەلسەفییەکاندا، ئەگەر هاتوو بەڵگەو پێوەرمان لێوە وەرگرت بۆ هەڵسوکەوت و هزرینمان ئەمە تیۆرییەکان دەکات بە ئامرازێک، پاشان ئەمە چارەسەرێکە بۆ کێشەکان..."(المرهج،٢٠٠٨،ص٢٥-٢٦). ئەمەش دەبێتە ئەو لایەنەی کە هێزو توانای مرۆڤ لە چارەسەری کێشەکاندا دەردەکەوێت.

## ٣. میتۆدی ئامرازگەری جۆن دیوی:

پراگماتی سێ گەورە فەیلەسوفی بەخۆوە بینیوە کە رەنگ رێژی میتۆدی هزری پراگماتییان کردووە، کە بریتیبوون لە (چارلس ساندەر پێرس، ولیم جیمس و جۆن دیوی)، لە راستیدا ئەم سێ فەیلەسوفە هەرسێکیان لەسەر یەک ئاراستەبوون، بەڵام هەر یەکێکیان خاوەنی تایبەتمەندی خۆی بووە، کە میتۆدی هزرینی پراگماتییان پێ دەوڵەمەند تر کردووە، دەتوانرێت بگوترێت جۆن دیوی*کە سێیەم فەیلەسوفی دیاری ئاراستەی پراگماتییە بە تەواوی

* John Dewey لە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٨٥٩ لە دایک بووە لەلە ویلایەتی ڤرمۆنت(Vermont) لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەرقاڵی پێشەی فێرکردن (مامۆستا) بووە لە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ بەردەوام بووە، پێیوابووە ئەرکی سەرەکی فەلسەفە باسکردنی ئەو بابەتانەیە، کە پەیوەندی بە کاروباری مرۆڤی کردەییەوە هەبێت. لە چەندین زانکۆ مامۆستا بووە، سەرقاڵی بابەتەکانی لۆژیکی و دەرونزانی و مۆراڵی بووە، هەروەها سەرۆک بەشی فەلسەفە بووە لە زانکۆی شیکاگۆ، هەروەها بناغەی فێرگەی کردەیی (Laboratory School)داناوە لە ساڵی (١٨٩٦)دا. لە تەمەنی (٧٤)ساڵیدا لە یەکەم رۆژی مانگی یۆنیۆی (١٩٥٢)دا مردووە. بەرهەمەکانی جۆن دیوی:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

توانیویەتی کە ئامانجی هزرینی پراگماتی بپێکێت بەوەی کە هەولیداوە هزری پراگماتی وابەستەی ژیانی کردەیی مرۆڤ بکات ئەمەش کاتێک شێوازی هزرین پراگماتی بە ئاراستەی پەروەدەدا دەبات، ئەم کارەشی لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەیدا بەدیار دەکەوێت کە هەرچەندە درێژەپێدەری هەردوو فەیلسوفی دیاری پراگماتی پێش خۆیەتی، بەڵام هەوڵیداوە تایبەتمەندی جیاواز بە فەلسەفە پراگماتییەکەی خۆی بدات.

ئەو تایبەتمەندییە جیاوازەش کە جۆن دیوی بە فەلسەفە پراگماتییەکەی داوە بریتی بووە لەوەی کە شێوازە هزرینەکەی خۆی ناوناوە بە تێگەیەکی نوێ کە برتییە لە ئامرازگەری (الأداتية) (Instrumentalism) لەم ڕێگەیەوە هەوڵیداوە بنەمای فەلسەفەکەی خۆی جێجەجێ بکات لەو لایەنەوە کە فەیلەسوفانی پێش خۆی باسیان نەکردووە، هەر ئەم هەوڵانەشی هۆکاربووە بۆ ئەوەی لەناو فەلسەفەی پراگماتیدا بە یەکێک لە فەیلەسوفە دیارەکانی پراگماتی هەژمار بکرێت(کامل،١٩٩٣،ص١١٥).

هەوڵیداوە ئەم شێوازە نوێیە ئامرازگەرییە کە لە هزرینی پراگماتیدا بەکاریهێناوە، لە سەرجەم فەلسەفەکەیدا بەرجەستەی بکات بە شێوەی میتۆدێکی زانستی بەکاریبهێنێت لە هزرین لەبارەی پەروەردە و سیاسەت و بەها ئاکارییەکان و ئێستێتیک و کایەکانی دیکەی فەلسەفەی پراگماتی(وولف،د.ت،ص١٠٩) یاخود هەوڵێکە بۆ یەکالاکردنەوەو چارەسەرکردنی گرفتە فەلسەفییەکان، ئەمەش بەو مانایەی هەموو تیۆرو ئیدیایەکی وەک ئامراز بۆ چارەسەرکردن و شیکردنەوەی کردەیەکی پراکتیکی وێنا دەکرد(کامل،١٩٩٣،ص١١٧).

جۆن دیوی دوو تێگەی جیاوازی بەکارهێناوە بۆ ئاماژەدان بە میتۆدە پراگماتیە نوێیەکەی، لەلایەکەوە ناوی دەنێت فەلسەفەی ئامرازگەری(instrumentalism) لەلایەکی تریشەوە ناوی دەنێت فەلسەفەی ئەزمونی(Experimentalism). لەواتای تێگەی یەکەمیاندا ئاماژە بە بەهاو ئەرکی عەقڵ دەکات، بەڵام لە واتای دووەمیاندا ئاماژەدانە بە شارەزایی(الخبرة-Eperince) (رزکار،٢٠١٣،ص٢٩)، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کاتێک دەڵێت مەبەستێکی ئەزمونییە وابەستەبوون نیە بەلایەنی نەرێنی رێبازی ئەزمونی، هەروەک چۆن لە پێشتردا لەلایەن جیمسەوە رەخنەیان ئاراستە دەکرا بەوەی لەتەک لایەنێکدا خەریک دەبن و لایەنێکی تر وەلا دەنێن، بەهەمان شێوەش لای دیوی ئەم شێوازە ئەزمونیە ئەرێنییە لێدانێکە لە ئاراستەی ئەزمونی نەرێنی، بەڵکو شێوازی ئەزمونی ئەرێنی دیوی شێوازێکی گەڕانی ئەرێنی بەردەوامی کردەیی سودبەخشی راست و دروست و رون و ئاشکرایە.

---

دیوی لەماوەی سەرقاڵبوونی بە فەلسەفەوە بەدەر لە گوتار ٢٧ کتێبی هەیە لە گرنگترینیان ئەم ئەم کتێبانەن: فێرگەو کۆمەڵگە، منداڵ و پرۆگرامی خوێندن، چۆن بیربکەینەوە، دیموکراسی و پەروەردە، نوێبونەوەی فەلسەفە، سروستی مرۆڤ و ئاکار، لۆژیک یان لۆژیکی توێژینەوەی زانستی. بروانە: (الاهواني،١٩٨٧،ص٩٣)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

هۆکاری ناونانی شێوازی هزرینەکەی بە ئامرازگەری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هزر دەکاتە ئامرازێک بۆ کردەی ژیانی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی مەبەستییەتی لە کۆمەڵگەیەکی پێشەسازی دیموکراتی وەک ئەوەی لە ئێستادا باوە، هەر بۆیە دەتوانرێت بە فەلسەفەکەی دیوی بڵێین فەلسەفەیەکی ئامرازگەرییە لقێکە لە لقە سەرەکییەکانی فەلسەفەی پراگماتی(رزکار،٢٠١٣،ص٢٩-٣٠).

بۆیە دیوی باس لە ئەزمونگەرییەک دەکات کە ناویناوە (Experimental Empiricism)، کە ئەمەش تایبەتمەندی ئەزمونییەکەیەتی، کە بەندە لەسەر دەرکپێکراوە هەستییەکان و دەرکپێکراوە عەقڵییەکان کە وەک ئامڕازێک بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەپێکردن و ئاراستەکردنی کردەیەک کە ئامانج لێی دەرەنجامێکی کردەی کارەکییە(فعلية/عملية)، بە وتەی دیوی ئەم ئەزمونگەرییە پێیدەگوترێت شارەزایی (الخبرة-experience)، کە ئەمەش شارەزایی مرۆڤەکانە، شارەزاییەک کە ئەنجامدانی کارە (الشمري،٢٠٠٨،ص١١١).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین لە روانگەی دیوییەوە کاتێک عەقڵ بە ئامرازی سەرەکی گەشتن بەئامانجی مرۆڤ دادەنرێت بۆ گونجاندن لەگەڵ ژینگەکەی وەک ئەوەی لە میتۆدی ئامرازگەریدا باسی دەکات ئەو تێگەیشتنە پێشینەییە نییە کە بۆ عەقڵ هەبووە، بەڵکو بەهەمان شێوەی رەخنەیان بۆ ئاراستەی ئەزمونی تێگەیشتنیشیان بۆ واتای عەقڵ جیاوازە لەو تێگەیشتنەی کەلای ئاراستەی عەقلانیەکان هەبووە لە پێشتردا وەک لە سەردەمی گریکەوە تا دیکارت و لایبنتس و هیگڵ کە پێیان وابووە عەقڵ ئامرازی گەیشتنە بە زانین، بەڵام لەراستیدا عەقڵ تەنها شتێکە کە بەتەنها ناتوانێت بگاتە راستییەکان لە خودی خۆیدا، هەروەک چۆن هەستەکان تەنها روکەشی شتەکانمان بۆ ئاشکرا دەکەن و ناتوانن ناوەرۆک و گەوهەری شتەکانمان بۆ دەربخەن گەر رۆڵی عەقڵ لەمەدا نەبێت کە ئەمەش تەنها بە رێگەی عەقڵ و لۆژیکەوە دەبێت،

لە هزری پراگماتیدا پێیان وایە کە بەڵگە لەسەر راستی شتەکان بریتییە لە کاریگەری ئەو شتەو کردەو ئەرکەکەی، بەڵام عەقڵ هەر وەک ئامرازێکی (اداة) زانین دانرا، بەڵام دیوی ئەم خاڵە تێدەپەرێنێت و پێیوایە عەقڵ ئامرازی زانین نییە (Organ of knowledge) بەڵکو عەقڵ ئامرازی گەشەکردنی ژیان و بەرەو پێش بردنیەتی (Instrument for promoting life)، هەرەها ئەرکی عەقڵ نییە کە بزانێ، ئەرکی راستییەکانیش (Truths) نییە کە خۆیان بۆ عەقڵ بە دیار بخەن، بۆیە لە روانگەی دیوییەوە کاری عەقڵ دەبێت لەخزمەتی ژیاندابێت و ئاستەنگییەکانی ژیان نەهێڵێت بۆ ئەوەی مرۆڤ گەشە بکات هەروەها بەردەوامبێت، عەقڵیش بەهەمان شێوە ئامرازێکی ژیانە، هەربۆیە بەم ئاراستەیە دەگوترێت ئامرازگەری، کەواتە عەقڵ ئامرازێکە مرۆڤ بەکاریدەهێنێ بۆ پارێزگاریکردن لە ژیانی و پێگەیاندنی (فام،١٩٨٥،ص١٥٥-١٥٨). چونکە مرۆڤ بونەوەرێکی بایلۆجی گەشەسەندووە، بە کۆمەڵێک ئاستی یەک بەدوای یەکداو گونجاندنی لەگەڵ ژینگەکەیدا گەشەی کردووە، دیوی لەم بۆچونەیەوە سروشتی زانینی پێکهێناوە، هەروەها هزرینی کردووە بە هۆکاری سەرەکی ئەم گونجاندنە و راهاتنی مرۆڤ لەسەر



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

مانەوە، کەواتە عەقڵ بریتییە لە توانای خۆگونجاندن لەگەڵ باروددۆخە نوێکاندا، ئەمەش ئەوەیە کە لەداروینەوە فێری بووەو لە ولم جیمسیشەوە فێری ئەوە بووە کە عەقڵ بریتی نییە لە بینەرێکی نادیار، بەڵکو بریتییە لە دروستکەری دەرەنجامی جۆراوجۆر لەم گەردونەدا، کەواتە عەقڵە روانگەی دیوییەوە ئاڕاستەیەکی زیرەکە بۆ ئاوێتەبونی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەکەی، ئەم ئاوێتەبونەش بریتییە لە شارەزایی، لێرە بە دواوە شارەزایی مرۆڤیش دەبێتە بەشێک لە سروشت و دەبێتە دیاردەیەک لە دیاردەکانی سروشت.

بە باوەری جۆن دیوی مەرج نییە ئەو ئایدیایە، کە دەرەنجامێکی کردەیی هەیە دروست بێت و پێچەوانەکەشی هەڵە، بەڵکو بەو شێوەیە ناویان دەنێت کە بەوەی یەکەم دەڵێت کە دەرەنجامی کردەیی هەیە قەناعەت پێکەر (Satisfactory) یاخود ئایدیای چاک و پێچەوانەکەشی بێگومان چاک نییە(زیدان،٢٠٠٩ص١٩٢-١٩٤). کەواتە لە روانگەی دیوییەوە مەرج نییە ئەو ئایدیایە لە ئیستادا یاخود لە ئایندەدا ئەنجامی کردەیی هەبێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە لەم شێوازە هزرینەدا ئایدیایەکی قەناعەت پێکەربێت.

دیوی لۆژیکیش دەکاتە ئامرازێک، کە بەکاربهێنرێت وەک هەریەکێک لە ئامرازەکانی تر، کە لە رێگەیانەوە گەشە بە شارەزاییەکانی بدرێت، ئەمە لە کاتێکدا کە پێیوایە دەبێت لەسەرەتادا چاکسازی لە لۆژیکدا بکرێت، بە شێوازێک، کە هزر یاخود زیرەکی کە لۆژیک کاریان لەسەر دەکات بریتین لە ئامڕازی نوێبونەوەی شارەزاییەکان، ئەمە وا دەکات لۆژیک بەهایەکی کردەیی هەبێت (دیوی،د.ت،ص٢٢٩-٢٣١. ٢).

## بەشی دووەم: پەروەردە و سیاسەت لە فەلسەفەی دیویدا

### ١. دیدی پەروەردەیی جۆن دیوی:

دیوی بەم شێوەیە پێناسەی پەروەردە دەکات و دەڵێت:"پەروەردە ئامادەکردنی تاکە بەفێربوون و وەرگرتنی شتە دیاریکراوەکان، کە هاوکاریەتی بۆ تێپەراندنی ئاستەنگەکان و سودوەرگرتن لێیان لە داهاتودا (دیوی،٢٠١٠،ص١٥٩).

لە رونگەی دیوییەوە پەروەردە بەشێک نییە لە ژیان بەڵکو پەروەردە لەهزری دیویدا نەک ئامادەکارییە بۆ ژیان، بەڵکو پرۆسەی ژیانە، بەو واتایەی پرۆسەی گەشەسەندن و فێرکردن و فێربوون و نوێبونەوەی بەردەوامی شارەزاییەکانە (محەمەد،٢٠٠٨،ل١٦٢)، لە ژێر رۆشنایی ئەم گوتەیەدا ( Education is not preperetion for life,education is life itself) واتا "پەروەردە ئامادەکاری نییە بۆ ژیان، بەڵکو خودی ژیانە"، هەوڵی داڕشتنی سیستمێکی پەروەردەی هاوچەرخ دەدات بۆ کۆمەڵگەیەکی جیاواز لە چینایەتی بەڵکو بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی، لە پێناو گونجاندن لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیدا، لە نێو ئەم شێوازە پەروەردەیەی دیویدا بایەخی گەورە بە ژینگە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

دەدات، هەروەها گونجان لەگەڵ ژینگەی کردووە بە مەرجێکی سەرەکی هەروەکو پێویستی خواردن و خواردنەوە لە ژیاندا (الالوسي،١٩٨١،ص٨٥).

فەلسەفەی پەروەردە ڕۆڵی تەواوی فەلسەفە دەگێڕێت، وا دەکات فەلسەفە تەواو ئاوێتەی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ ببێت، نەک وەک ئەو شێوازە فەلسەفەیەی، کە خۆی دادەبڕێت لە ژیان و خۆی گۆشەگیر دەکات، بۆیە لێرەدا دیوی دەڵێت:"فەلسەفەی پەروەردە بریتی نییە لە جێبەجێکردنی ئەو هزرانەی لە دەرەوە دێن بەشێوازێکی ئامادەکراو پراکتیزەیان بکەین، بەڵکو ڕەسەنترەو لە بنجینەدا ئامانجی جیاوازی هەیە دارشتنێکی رونە بۆ کێشەکان" (رزگار،٢٠١٣،ص٧٢)، هەروەها هاوواتایە لەگەڵ واتای فەلسەفەدا و ڕۆڵی تەواوی فەلسەفەی پێدەدرێت، ئەمە لە کاتێکدا پەروەردە لە هزری دیویدا ئەرکەکەی بریتی دەبێت لە"کردەی نوێبونەوەی شارەزاییە گوازراوەکان"(دیوی،١٩٤٦،ص٣٢٨).

## ٢. ڕەگەزەکانی پەروەردە لە هزری پەروەردەیی دیویدا:

### ٢.١. فێرخواز

فەلسەفەی پراگماتی یەکێکە لەو فەلسەفانەی، کە گرنگی تەواو دەدات بە فێرخواز، ئەمەش بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا دیارە لە دارشتنی هزری پەروەردەییاندا بۆ پرۆگرامی فێربوون و پراکتیزەکردنی، بەو پێیەی لە هزری ئەماندا فەلسەفە بەشداری دەکات لە دانانی پرۆگرامی خوێندن و پرۆسەی فێربوون، فێرخواز بە تێڕوانینی فەلسەفەی دیوی و پراگماتی بریتییە لە وەرگرێک لە چالاکی و ئاراستە تیۆرییەکان و کردە بەدەستهاتووەکان، لە تێڕوانینی دیویدا خواستی فێرخواز و چالاکییەکانی لە پلەی یەکەمدایە، بەڵام زانیاری و راستییەکان لە پلەی دووەمدایە، بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێت:"دەکرێت نەخشەیەکی پەروەردەیی دابنرێت، کە بە شێوەیەکی سیستماتیکی هەلومەرجە بابەتییەکان بکاتە پاشکۆی هەلومەرجە ناوەکییەکانی منداڵ، ئەمە لە کاتێکدا رودەدات ئەرک و پێگەی مامۆستا، کتێب، ئامێر، کەرەستە و هەموو ئەو شتانەی کە نمایندەی ئەزمونی گەورەکان دەکەن بە شێوەیەکی سیستماتیکی لە پێگەیەکی خوارتر لە هەست و مەیلە هەنوکەییەکانی منداڵ دابنرێت"(دیوی،٢٠٢٠،ل٥٦)، لەسەر ئەم بنەمایەی سەرجەم شتەکانی دی تەنها ئامرازێکن و ئامانج نییە واتا زانین و زانیارییەکان دەبنە ئامرازێک بۆ ئامانجە سەرەکییەکە کە لە خزمەتی فێرخوازدایە، کەواتە ئەوەی پێویستە لەبەرچاوبگیرێت خواست و پاڵنەرەکانی فێرخوازە، بەڵام ئەمە بەواتای وەلانانی توانا عەقڵییەکان نییە، بەڵکو پێویستە رابهێنرێت لەسەر پشت بەستن بە خودی خۆی و راهێنان لەسەر هزرینی لۆژیکی و خۆشەویستی و هاوکاری، هەروەها هاندانی لەسەر ڕەسەنایەتی و داهێنان، هاندانی بۆ جوڵە و چالاکی ئامانجدار، هەروەها پێویستە فێرخواز بەشداری بکات بە ڕێگایەکی دیموکراتی لە هزرین و گەراندا، تا خودی خۆی بگاتە راستییەکان لە ڕێگەی متمانەبوون بە چالاکییەکەیەوە، راستییەکان هەمان ئەوانە نین، کە پێشتر


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

لە کتێبەکاندا بەدەستهاتوون، بەڵکو شتی تازەی دەست دەکەوێت لە ئەنجامی گەڕان و توێژینەوەکانیدا، کەواتە لایەنی نەرێنیی فێرخواز وەک ئامرازێکی فێرکردن وەرناگیرێت، دوو لایەن لە هزری دیویدا پێویستە جەختی لێبکرێتەوە:

یەکەمیان چاودێریکردن و بایەخپێدان بە فێرخواز.

دووەمیان بایەخدان بە خۆشەویستیی دۆزینەوەکان لەلای فێرخواز، چونکە ئەم لایەنانە دەبنەهۆی پارێزگاریکردن لە فێربوون بە شێوەیەکی بنەڕەتی.

## ٢.٢ مامۆستا

لە دیدی پراگماتی دیویدا بە شێوەیەک تەماشای مامۆستا دەکات دەبێت پێش هەموو شتێک مرۆڤێکی پراگماتی بێت، گرنگی بەچارەسەری ئەو کێشانە بدات، کە گەشە دەکات لە ژینگەی بایلۆژی و کۆمەڵایەتیدا، دیوی لەم بارەیەوە دەڵێت:" ئەرکی مامۆستا تەنها ڕاهێنانی تاک نییە بەڵکو پێکهێنانی ژیانێکی کۆمەلایەتیی دروستە، هەروەها پێویستە هەموو مامۆستایەک شکۆمەندی کارەکەی بزانیت، هەروەها خزمەتکارێکی کۆمەڵایەتییە پارێزەری یاسای کۆمەڵایەتیی دروستە، ڕەخسێنەری گەشەی کۆمەڵایەتی ڕاستە، لەم ڕێگەیەوە مامۆستا هەمیشە پەیامبەرێکی ڕاست و ئارامگرە بۆ خزمەتی ڕاستی (ملكة الحق) (الاهوانی،١٠٩٨٧،ص١٧٩). هەروەها دیوی لە وتەیەکی تردا جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە دەڵێت:" ئەرکی مامۆستا ئەوەیە کە بڕیاردەربێت بەو شارەزاییە فراوان و داناییە سەرکەوتووەی کە هەیەتی چۆن دەچێتە ژێر باری یاساکانی ژیان"(الاهوانی،١٩٨٧،ص١٦٥). سەرباری هەموو ئەمانە دیوی ڕەخنە لە شێوازی ئەرکی مامۆستا دەگرێت لە پرۆسەی پەروەردەی نەریتیداو بە سەرسوڕمانەوە لە کارەکەیان دەڕوانێت و دەڵێت:"من تێناگەم پێگەشتویی مامۆستا و زانیاری زیاتری مامۆستا لە بارەی جیهان و بابەتی خوێندن و کەسانی تر چ سودێکی هەیە ئەگەر ئەمانە بۆ ئامادەکردنی ڕەوشێک نەخاتە کار"(دیوی،٢٠٢٠،ل٩٠)، بەڵکو دیوی پێیوایە مامۆستا بە شێوەیەک تەماشای فێرخوازەکەی بکات کە کۆمەڵگەیەکی تاکی بچوکەو پێداویستییەکانی بۆ دابین بکات لەم بارەیەوە دەڵێت:"مامۆستا دەبێت لە توانا و پێویستییەکانی ئەو کۆمەڵە تاکە بکۆڵێتەوە کە لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت دەکات، لە هەمان کاتدا پێویستە هەلومەرجێک بهێنێتە ئاراوە کە ببێتە هەوێنی ئەو ئەزمون و بابەتانەی ئەم پێویستیانە پڕدەکەنەوە...)(دیوی،٢٠٢٠،ل٩١).

هەروەها دیوی پێیوایە یەکێک لە کارە پێشینەییەکانی گرنگیدانی تەواوە بە تێگەی شارەزایی پەروەردەکار، بۆیە ئەرکی مامۆستا گەورەتر دەبێت بە دیاریکردنی ئەو شارەزاییانەی کە فێرخوازەکان پیایدا تێدەپەڕێت، ئەمانەش دەبنە کۆمەڵە شارەزاییەک کە فێرخواز لێهاتویی زانیاری لێوە بەدەست دەهێنێت، لێرەوە سەرجەم ئاراستەکان لای فێرخواز کامل دەبێت وەک هێزێکی بزوێنەر لە ڕێگەیەوە گەشە دەکات. هەروەها دیوی مەرجێکی گرنگ دادەنیت بۆ مامۆستا کە هاوکاری دەکات لە دیاریکردنی جۆری شارەزاییەکە، ئەویش ئەوەیە کە شارەزاییەکان کاریگەریان



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

دەبێت لەسەر شارەزاییەکانی دواتر، ئەمە دەکرێتە ئەرکی سەرەکی پەروەردەکار کە هاوکاری فێرخواز بکات، نابێت کەسێکی هەڵچو بێت بۆ ئەوەی هاندەریان بێت بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی زیاتر کەباهاداربێت لە داهاتوودا، دیوی ئەم مەرجە ناویدەنێت بەردەوامی شارەزایی (The continuity of Experience)(جواد،٢٠٠٥،ص١٧١)، بەڵام لە بەرامبەردا دیوی لە چوارچێوەی جڵەوگیری کۆمەڵایەتیدا ئەرکی ڕێکخستن و جڵەوکردنی بارودۆخی فێرکردن لە نێو فێرگەدا بە مامۆستا دەسپێرێت و دەڵێت:"... مامۆستا مومارەسەی ئەو دەسەڵاتە دەکەن وەکو نوێنەر و بریکاری بەرژەوەندییەکانی گروپ"(دیوی، ٢٠٢٠،ل٨٣).

## ٢.٣. فێرگە

فێرگە لە هزری پەروەردەیی دیویدا واتایەکی فراوان وەردەگرێت و هەوڵ دەدات تەواوی فەلسەفە ئامرازگەرییەکەی لە ڕێگەی فێرگە و پاشان فێرخواز و دواتر لە نێو کۆمەڵگەدا بەرجەستە بکات، بەچەشنێک وێنای کۆمەڵگە و فێرگە دەکات، کە وەک یەکترن.

تێگەیشتنی دیوی بۆ فێرگە تەواو جیاوازە و لە پیش دیویدا بەو شێوازە باس لە ڕۆڵی فێرگە نەکراوە، دیوی لە درێژەی ڕەخنەکانیدا لە شێوازی نەریتی پەروەردە، فێرگەش دەبێتە بەشێک لە ڕەخنە ئاراستەکراوەکانی دیوی، هەروەها خاڵە لاوازەکانی دیاری دەکات کە یەکیک لەو خاڵە لاوازانە دابڕینیەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەو ڕێسا و یاسایانەی تێیدا پەیرەو دەکرین زۆر جیاوازە لەو شێوازە ژیانەی منداڵ کە لە نێو کۆمەڵگە و خێزاندا تێیدا دەژی لەم بارەیەوە دەڵێت:"...فێرگە وفێرخوازان ببن بە وێنەیەکی کتومت لە ژیان، نەک ببن بە جێگەیەکی دابڕاو و داخراو لە ژیانی کۆمەڵگە، کە فێربوون و زانین تیایاندا سنورداربێت" هەروەها هەر لە درێژەی ڕەخنەکانیدا لە فێرگەی نەریتی دەڵێت:"لە پۆلی فێربونی فێرگەکاندا بەرگریکردن و کێبڕکێ و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دروست نابێت، لایەنی پشتەوەی لاوازی فێرگە لەم دۆخەدایە..."(دیوی،٢٠١٩،ل٥٥).

دیوی وێنای فێرگە دەکات وەک کارگە، کارگەیەک کە سیستمی پەروەردە و فێرکردن تێیدا بە چەشنێک دادەمەزرێت کە مرۆڤ بەرهەم دەهێنێت بۆ کۆمەڵگە، کەواتە لەڕێگەی فێرگەوە واتای پێناسەی پەروەردە لای دیوی شێوەی خۆی وەردەگرێت، کە بریتییە لە ئامادەکردنی مرۆڤێکی کامل بۆ کۆمەڵگە، بەشێوەیەک بەگوێرەی خواست و داواکارییەکان کۆمەڵگە بگونجێت و وەڵامدەرەوەی ئاستی گەشەو تێگەیشتنی کۆمەڵگەکەی بێت.

لەبارەی تێگەیشتنە جیاوازەکانی بۆ فێرگە دێوی ڕەخنە لەو شێوازی فێرگەیە دەگرێت کە لە پێشودا هەبون و ناویاندەنێت شێوازی فێرگە لە پەروەدەی نەریتیدا یاخو فێرگەی (گوێگرەکان)، بۆ دەستنیشانکردنی شیوازی فیرگەی ترادسیۆنی دیوی ئاماژە بە نمونەیەک دەکات و دەڵێت:"چەند ساڵێک پێش ئێستا لە کۆگاکانی کڕینی کەلوپەلی فێرگە دەگەرام بۆ دۆزینەوەی کورسی و مێز کە بگونجێت بۆ پێداویستییەکانی فێرخواز لە لایەنی هونەری و تەندرستی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

و پەروەردەییەوە، زۆر ماندوێتیم چەشت بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی کە پێویستم بوو، هەربۆیە لە کۆتاییدا یەکێک لە فرۆشیارەکان و ئەوانەی کە لە دەوریبوون لەگەڵیدا هاورابوون و گوتی:"من گومانم لەوە هەیە ئەوەی بەدوایدا دەگەرێیت لای ئێمە بیدۆزیتەوە، چونکە تۆ بەدوای کەلوپەلێکدا دەگەرێیت، کە منداڵان بتوانن کاری لەسەر بکەن، بەڵام لەکاتێکدا ئەوەی تۆ دەیبینی لای ئێمە دروستکراوە تەنها بۆ گوێگرەکانە" ئەمە چیرۆکی پەروەردەی ترادسیۆنییە بە گشتی"(دیوی،د.ت،ص٥١، ١)، دیوی لەم نمونەیەیدا چەند مەبەستێکی جیاوازی هەیە بۆ رەخنەگرتن لە شێوازی فیرگە لە پەروەردەی ترادسیۆنیدا بەچەشنێک سەرەتا رەخنە لە شێوازی کەلوپەلەکانی فێرگە دەگرێت کە بە شێوازێک نییە فیرخواز ئاسودەبێت و بواری چالاکی جیاوازی هەبێت بەڵکو بەشێوەیەکە تەنها جێگای قەڵەم و دەفتەر دەبێتەوە و وا لە فێرخواز دەکات ئەوەی دەتونێت بیکات تەنها گوێگرتنە، بۆیە دیوی بەدوای کەلوپەلێکدا گەڕاوە کە بوار بە خوێندکار بدات چالاکی کردەیی ئەنجام بدات، هەست بە ئازادی بکات و خودی فێرخواز لە سەنتەری پرۆسەی فێرکاری بێت، هەروەها کاتێکیش دەڵێت ئەم کەلوپەلانە تەنها بۆ گوێگرتنە مەبەستییەتی رەخنە لەو شێوازی فێرگەیە بگرێت کە تەنها رێگە بە خوێندکار دەدات گوێبگرێت، لێرەوە باس لەو شێوازە فێرگەیە دەکات کە بە کارگە وەسف بکریت و تێیدا فێرخواز بە شێوەیەک پەروەردە بکرێت کە پیشەکانی ناو کۆمەڵگە لە نیو فێرگەوە دابمەزرێن، تەنانەت لە نێو فێرگەدا پراکتیزە بکرێن.

لێرەوە دیوی ئاماژە بەوەدەکات کە دەبێت لە نیو سیستمی پەروەردە و فێرکردنی هاوچەرخدا بە شێوەیەک لە فێرگە بڕوانرێت، کە بتوانرێت تیایدا منداڵان بە چەشنێک پەروەدە بکریت، کە لە جیاتی ئەوەی تەنها تیۆری وگوێگرتن بێت بگۆرردرێت بۆ شیوازێک لە پەروەردەو فیرکردنی ئەزمونی، کە لێوەی شارەزایی منداڵان گەشە بکات و ببێتە هەوێنێک بۆ دەرکەوتنی پیشە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە، دیوی بۆ ئەم بڕوایەی، کە بتوانێت فێرگە ئەم رۆڵە بگێرێت ئاماژە بە بارودۆخ و ژیانی مرۆڤایەتی دەکات لە گوندەکاندا بەتایبەت لە پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی، کە تیایاندا چۆن فۆرمە سەرەتاییەکانی پیشەو کاری دەستی لەناو خێزان و ئەندامانی خێزاندا ئەنجامدراوە، هەروەها چۆن منداڵان بەشدارییان دەکرد لە کاری دەستی و فۆڕمە سەرەتاییەکانی کاری پیشەسازیدا، هەربۆیە ئەم بەشداری پێکردنەی منداڵان لەم کاراندا چەند جۆرە هەستێک لای منداڵ دروست دەکات لە گرنگترینیان ئەمانەن:

1. حەزی فێربونی رێکخستن و سیستەم.
2. فێربونی کاری دەستی و دروستکردنی پەیوەنییەکی دروست لەگەڵ پیشەو پیشەسازیدا.
3. هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی، لەم پرۆسەیەدا هەر تاکێک هەست دەکات بەرپرسیارە لە شتێک و لە کارێک و دەبێت ئەنجامی بدات.
4. بەرهەمهێنان، ئەم پرۆسەیە هەر لە سەرەتاوە منداڵ فێردەکات کەپێویستە کارەکەی بەرهەمداربێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

5. مەبەست و ئامانج، هەبونی مەبەست و ئامانج لە پرۆسەکەدا دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز هەم بۆ فێرخواز و هەم بۆ فێرکار بۆ بەرەوپێشچون و پەرەپێدانی زیاتری پرۆسەکە.
6. دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان فێرخوازەکاندا، لەسەر بنەمای هاوکاری و گەیشتن بە ئامانجی سودبەخش.
7. نەهێشتنی جیاوازییەکان لە نێوان فێرخوازاندا، لەروی کلتوری، ئاینی و نەتەوەییەوەو گرنگیدان بە ژیانی هاوبەش.
8. فێرگە لە دیدی دیویدا دەبێتە شوێنێک بۆ لێبوردەیی و یەکسانی.

بۆیە دیوی بۆ فێربونی نێو فێرگەش پێیوایە نابێت لە پاڵ فێربونی تیۆریدا هەرگیز لایەنی پراکتیکی فەرامۆش بکرێت، بەڵکو پێویستە فێرگە ببێتە کۆمەڵگەیەکی بچوک، کە تیایدا فێرخواز تەنها زانیاری کۆنەکاتەوە تا ببێتە بانکی زانیارییە جۆراوجۆرەکان بەبێ پراکتیزەکردنیان، بەڵکو پێویستیە گرنگی بە لایەنی پراکتیزەکردن بدرێت تاوەکو هاوشێوەی ئەوەی لە کۆمەڵگەکانی پێش شۆرشی پیشەسازیدا لە ماڵەکاندا توانراوە لە پەروەردەی منداڵدا لە بارەی پیشەسازی و کاری دەست و لایەنەکانی تردا لای منداڵ دروست بکرێت، پێویستە لە پەروەردەی هاوچەرخیشدا فێرگە رۆڵی کارگەیەک بگێڕێت، بتوانرێت لە رێگەی شێوازی پەروەردەکردنی پراکتیکی منداڵانەوە پیشە جیاوازەکان گەشەیان پێ بدرێ و داهێنان و نوێبونەوە و گەشەسەندنیان تێدا روبدات بەپێی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە، بۆ ئەم مەبەستە دیوی باس لە نمونەیەک دەکات کە بە چ شێوازێک دەکرێت ئەم فێربونە لای منداڵ دروست ببێت و دەڵێت:"هەندێک منداڵ کاریانکرد بۆ ماوەی سی خولەک بۆ جیاکردنەوەی لۆکە لە پاشماوەو پیسییەکانی، ئەوەی توانیان لە لۆکەی خاوێن دەستیان بکەوێت تەنها سی گرام لۆکەی پاککراوبوو، توانیان لەوە تێبگەن، کە تاکەکەسیک ناتوانێت بەتەنها زیاتر لە یەک پاوەند پاک بکاتەوە لە رۆژێکدا، هەروەها توانشیان دەرک بەوە بکەن کە بۆچی کەسانی دەوروبەریان خوریان لەجیاتی لۆکە لەدەوروبەردایە، هەروەها ئەوەشیان بۆ دەرکەوت کە کورتی تاڵەکانی لۆکە کەمترە لەتاڵەکانی خوری ئەگەر بەراوردبکریت، هەروەها تاڵەکانی لۆکە نەرمترن و کەمتر بەیەکەوە دەلکێن... کەواتە منداڵەکان خۆیان گەشتن بەو تایبەتمەندیانە..."(دیوی،د.ت،ص٤٢-٤٣، ١)، لە رێگەی ئەم نمونەیە دەیەوێت گرنگییەکانی فێربونی کردەیی و پشت بەست بە چالاکی خودی فێرخواز دیاری بکات، کە تا چ ئاستێک کاریگەری دەبێت لەسەر زیادکردنی تێگەیشتنی منداڵ بۆ ئەرکەکانی لە کۆمەڵگەدا، هەروەها زیاترکردنی توانای شارەزایی لای منداڵ، چونکە لە روانگەی دیوییەوە ئەم شێوازە لە فێربوون وا لە منداڵ دەکات سەرباری سەرجەم ئەو سودانەی کە لە شۆڕشی پیشەسازیدا هەبووە دەرک بەوەش بکات، کە شێوازی کارکردن بە شێوازی گرووپ چەند پێویستە، هەروەها دەرک بەگرنگی ئەو شتانە بکات کە هەیەتی و هەست بە ماندوبونی ئەندامانی تری کۆمەڵگەو کارەکانیان بکات و گرنگی شیوازی فێرکردنی کاری هەرەوەزی لە فێرگەدا چەند گرنگە و لەم بارەیەوە دەڵێت:"ئەرکی فێرگەی سەرەتایی و دەسپێک، راهێنانی منداڵانە لەسەر کاری هەرەوەزی، بۆ ئەوەی هۆشیاری و ئاگاییان زیاد بکات، ئەم کارە هەروەزیانە ببێتە خۆراک بۆ گەشەی مێشکیان"(دیوی،٢٠١٩،ل١٨٥)، لە لایەکی تریشەوە ئەم شێوازە لە فێربوون حەزی فێربوون لای


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

منداڵ دەوروژێنێت بە چەشنێک کە توانای داهێنانی لەلا پەیدادەبێت، سەرجەم ئەم فێربونانە لە روانگەی دیوییەوە بە شێوازێکە کە منداڵ خۆی بتوانێت بەم ئاستە بگات، هەروەک دیوی دەڵێت:"ئەوەی بۆم دەرکەوت ئەوەیە منداڵەکان توانیویانە بەخودی خۆیان بگەنە ئەو ئەنجامە، ئەمەش لە ئەنجامی بەکارهێنانی کۆمەڵێک پێکهاتەی کردەیی، هەروەها هاوکاری و ڕێنمایی و پرسیارەکانی مامۆستاکانی" (دیوی،د.ت،ص٤٣، ١)، لە هزری دیویدا ئەم شێوازە لە فێرکردن هێندە سودبەخش و بە بەرهەمە دەگاتە رادەیەک کە ئەوەندە یارمەتیدەری گەشەکردنی شارەزایی فێرخوازو ئیدی فێرخواز بەچەشنێکی لێدێت کە شتی لێوە فێرببیت، واتا ئیدی فێرخواز لەم فێرگانەدا تەنها کاری گوێگرتن و لەبەرکردن نییە بەڵکو بەرهەمی شارەزایی فێرخواز لەرێگەی فێرگەوە دەردەخرێت و پاشان دێتە کۆمەڵگە هەروەک دیوی دەڵێت:"من ئەوەم نەدەزانی تاوەکو منداڵەکان پێیان گوتم کە هۆکاری گەشەسەندنی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی لۆکە زیادی کردووە گەر بەراوردی بکەیت بە بەرهەمهێنانی خوری ئەوا بۆت دەردەکەوێت هۆکارەکەی ئەوەیە پاککردنی لۆکە بەدەست زۆر ئەستەمە"(دیوی،د.ت،ص٤٣، ١).

لەم رووەوە دیوی هێندە گرنگی بە شێوازی فێرکردنی پراکتیکی دەدات پێیوایە کە دەبێت فێرگە وەک کارگەبێت پیشەی جیاواز بەرهەمبێنێت لە کۆمەڵگەدا کە لەتوانایدابێت لەگەڵ گەشەسەندن و گۆرانکارییە بەردەوامەکانی ژیاندا بگونجێت، هەروەها بروای وایە کە فێرکردن زیاتر کاریگەری هەیە لە ڕێگەی کردەوە هەربۆیە فێرگەی ناوناوە فێرگەی چالاکییەکان، چالاکییەکان لەلایەنی فێرخوازەوە و ممارەسەکردنی ئەوەی کە فێری دەبێت بەشێوەیەکی کردەیی ئەمە بە میتۆدی شارەزایی ناودەبرێت (الشیبانی،١٩٨٧،ص٣٥٤-٣٥٥).

## ٢.٤. پرۆگرامی خوێندن

پرۆگرامی خوێندن لە هزری پراگماتی دیویدا تەواو جیاوازە لەو شێوازە ترادسیۆنییەی لە پەروەردە و فێرکردنی کلاسیکیدا هەبووە، بەوپێیەی دیوی رەخنەی توند ئاراستەی ئەو شێوازە پەروەردەیە کردووە کە ئەو بەشێوازی گوێگرەکان ناوی دەبات، هەربۆیە دیوی شیوازێکی پەروەردەو فێرکردن دەخاتەروو کە لە پاڵ لایەنی تیۆریدا لایەنی پراکتیکی وەلانەنرێت، بەم شێوەیە لە تێروانینی دیویدا پرۆگرامی خوێندن بەشێوازێکیش دادەنرێت کە هەم لایەنی تیۆری و لایەنی پراکتیش لەخۆبگرێت،

دابەشکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ چەند بابەتێکی جیاوازو لێکدابڕاو، هەوەها ئەو رێکخستن و ریزبەندییە کارێکی نازانستی نەشیاوە، چونکە بەبڕوای ئەمان ئەم شێوازە لەگەڵ توانا عەقڵیی منداڵ یاخود فێرخوازدا ناگونجێت، هەروەها بە کارێکی دژوار و سەختی دەزانن کە بابەتەکانی ناو پرۆگرامی فێرکردن دابەشبکرێن بۆ لایەنی سروشتی، کە بریتین لە(مێژوو جوگرافیا...) و مرۆیی کە بریتین لە(فیزیاو کیمیا...) (محەمەد،٢٠٠٨،ل١٦٦)، چونکە سەنتەری راستی پڕۆگرام ئەمە نییە، ئەم بابەتە فراوان و سەربەخۆیانە نییە، کە پەیوەندییان بەیەکترەوە نییە ، بەڵکوسەنتەری

ڕاستەقینە پەیوەستە بە چالاکی خودی منداڵ و شارەزاییەکانی، (الشیبانی،١٩٨٧،ص٣٥٤-٣٥٥)، ئەوەی دیوی داوای دەکات بریتییە لە پرۆگرامی چالاک، فێرخواز خۆی بە چالاکی هەستێت کە ئارەزوی دەکات، لە کۆتایشدا دەگاتە دەرەنجامی ڕاستی نوێ و زانستی (عزیز،٢٠١٩،ل٩٦)، لەم بارەیەوە دیوی وتەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێت:"ئەگەر ئێمە ئەوەی لە دوێنێدا فێربووین بە ئەمڕۆی فێرخوازەکانی بڵێینەوە، ئایندەیان دەدزین"،بەڵكو پێیوایە ئەوەی گرنگە بۆ خوێندکار لەبەرکردن و بابەتی خوێندن نییە، بەڵکو کارکردن و هەڵسەنگاندن و پرسیارکردنە لە بابەتەکە، پێیوایە کاری دەستی و چالاکی گرنگترە لە بابەتی خوێندن(دیوی،٢٠١٩،ل٣٤)، بۆیە دەوترێت تێروانینی پراگماتی پێچەوانە بۆتەوە لەسەر پرۆگرامی خوێندن، ئەمەش بە دیاریکردنی شارەزایی بۆ هەموو تاکێک یان کۆمەڵێک لە شارەزاییە گونجاوەکان کە هاوکاریان دەکات لە پێکهێنانی پرۆگرامێکی عەقڵی پێشکەوتوی تەواو، بەچەشنێک بوارەکانی پرۆگرامی خوێندن لە هزری پراگماتیدا چەند لایەنێک لە خۆدەگرێت لە لایەنەکانی عەقڵی و ئاینی و ئاکاری، ئەو زانینانەی لەم بوارانەدا وەردەگیرێت بۆ خودی تاک نییە بەڵکو بۆسودێکی پەیوەندیدارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە (جواد،٢٠٠٥،ص١٧١)، بۆیە لێرەوە ڕێبازی پراگماتی پێشنیاری شێوازێکی پرۆگرامی پەروەردەیی دەکات لە فێرگەکاندا کە لەسەر بنەماکانی یەکێتی تەواوکاری زانیاری و چالاکی و شارەزایی فێرخواز یاخود منداڵ وەک ئەوەی هەیە لە هەڵکەوتدا دابرێژرێت (محەمەد،٢٠٠٨،ل١٦٦)، واتە هەڵقوڵاوی ئەزمونی ژیانی ڕۆژانە بێت، گرفتی ئەم ڕێسایانە دۆزینەوەی ڕێگایەکە بۆ ئەوەی ئەم ڕاستییە بهێنرێتە ناو ئەزمونەوە، پاشان دیوی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە پەنا دەباتە بەر شێوازی فێربونی سروشتی منداڵ و دەڵێت:"هەر کە منداڵ فێری دەست بردن و خۆخشاندن و گەڕان و قسەکردن دەبێت، بابەتەکانی ئەزمونی فراوانتر و قوڵتر دەبێت، منداڵ ئاشنا دەبێت بە بابەت و ڕوداوی دیکە کە هێزی نوێ پێدەبەخشێت...دەبێت ڕێگایەک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی بە ئاگایی و بە مەبەستەوە ئەوە بکات کە (سروشت) لە ساڵانی پێشووتردا کردویەتی..."(دیوی،٢٠٢٠،ل١١٨-١٢٠)، ئەوەی دیوی داوای دەکات، کە لە نێو فیرگەکاندا پرۆگرامەکان بە چەسنێک دابنرێت، کە وەک فێرکاری سروشت بێت، کارێکی ئاسان نییە، بەڵام دیوی لە ڕوویەکەوە تەماشای ئەم شێوازە دەکات کە منداڵ خۆی ئامادەیە بۆ ئەم شێوازە لە فێربوون بۆیە بە ئاسانترین ڕێگای دەزانێت بۆ هاوکاریکردنی فێربونی منداڵ، بەڵام ئەم ئەرکە دەخاتە ئەستۆی پەروەردەکار و بتوانێت ڕێنمای فێرخواز بکات و لەم بارەیەوە دەڵێت:"...ئەوە دەکەوێتە سەر شانی پەروەردەکار ئەو شتانە هەڵبژێرێت لە ئەزمونی ئێستادا کە توانای هێنانە ئارای کۆمەڵێک پرسیان هەیە...فێرخوازان بۆ کۆمەڵێک کایەی نوێ ڕێنوێنی و ئاراستە بکرێن بە یارمەتی ئەزمونی ڕابردوویان"(دیوی،٢٠٢٠،ل١٢٢-١٢٤).

هەروەها دیوی وای دەبینێت لە دانانی پرۆگرامدا بابەتە پێشنیارکراوەکان دەبێت ئامانج و توانای هەبێت بۆ گۆڕانکاری بەردەوام، نەک تەنها ڕێکخستنێکی زانینێکی کۆنکرێتی، هەروەها بواری گۆڕانکاری تێدابێت، بەشێوازێک لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بگونجێندرێت، هەوڵبدرێت فێرخواز زۆرترین هەڵبژاردنی ڕێگای جیاوازی لەبەردەمدابێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی دێتە ڕیگەیان لە ژیاندا(علي،١٩٩٥،ص٩١-٩٤).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

### ٢.٥. ڕێگای وانەوتنەوە

لە فەلسەفەی پراگماتیدا ڕێگای وانەگوتنەوە گۆرانی تەواوی بەسەردا دێت، هاوشێوەی پرۆگرامی پەروەردەیی پێویستە ڕێگای وانەگوتنەوەش جیاوازبێت لە ڕێگا ترادسیۆنییەکانی پەروەردە، بەڵکو پێویستە بە شێوازێک بێ کە بگونجێت لەگەڵ ئەو پرۆگرامەی لە هزرینی پراگماتیدا لەسەر بنەمای یەکێتی تەواوکاری زانیاری دادەڕێژرێت و پشت بەچالاکی فێرخواز دەبەستێت.

هەربۆیە لەبواری ڕێگاکانی وانەگوتنەوەدا فەلسەفەی پراگماتی و دیدی جۆن دیوی کاریگەری زۆریان لەسەر ڕێگاکانی وانەگوتنەوەو چۆنیەتی فێرکردن هەبووە، تارادەیەکی زۆر جێگای ڕێگا کۆن و باوەکانی شێوازی وانەگوتنەوەی گرتۆتەوە، بە بڕوای دیوی فێرخواز لەڕێگەی چالاکییەوە(طريقة النشاط) فێردەبێت نەک لەڕێگای پێدانی زانیاری و ڕێگای تەلقینکردنەوە(طريقة التلقين)، لەم ڕووەوە پێویستە ئازادی بە فێرخواز بدرێت بۆ مامەڵەکردن و تاوتوێکردنی سروشت و دەوروبەرەکەی و چالاکی تێدا ئەنجامبدات، نەک لە ژورێکی داخراودا بەندبکرێت و تەنها گوێ لە مامۆستا بگرێت و خۆی هیچ چالاکییەکی نەبێت، واتا شێوازی وانەگوتنەوەی پراگماتی زیاتر گرنگی دەدات بە(هەوڵدان و هەڵەکردن و ئەزمون و تاقیکردنەوە)، ئامانجیش لەم شێوازانە چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانە، چارەسەریش بۆ ئەم کێشانە لە ڕێگەی کاری بەکۆمەڵ و کارکردن بە تیم دێتە دی، لەم ڕووەوە جۆن دیوی ئاماژە بەوە دەدات باشترین ڕێگا بۆ ئەم شێوازە لە فێرکردن ڕێگای کارکردنە(طريقة العمل)، لەم بارەیەوە دەڵێت:"منداڵ لەڕێگای خوێندنەوەی پەرتوک یان لەڕێگای گوێگرتن لە کەسانی تر فێرنابێت، بەڵکو لە ڕێگای خۆسوتاندن و خۆخواردن و تێرکردنی خۆیەوە فێردەبێت، واتە لەڕێگای ئیشکردن و کارکردنەوە فێردەبێت و هەردوو چاوو دەست و گوێکانی و ئەندامەکانی تری لەشی دەبن بەهۆکارو کەرەستەو سەرچاوەی زانیارییەکانی(قەرەچەتانی،٢٠١٤،ل٧١-٧٢). یەکێک لەو ڕێگایانەی کە دیوی ئاماژەی پێدەکات، کە لە فێرگەکاندا هەبێت، ڕێکخستنی شارەزایی فێرخوازەکانە لە وانەگوتنەوەکاندا دەبێت ڕەچاوبکرێت، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەکان کە ئەمەش لەسەر بنەمای (قائل) قسەکەر، چونکە بە تێڕوانینی دیوی فێربونی باش دروست دەبێت لەسەر بونی کێشەیەک، کە گرنگە بەلای فێرخوازەکەوە و پەیوەندی هەیە بە ژیان و پێداویستییەکانییەوە، بۆ ئەوەی هەستێت بە چالاکییەک بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەری ئەم کێشەیە، لەوانەیە ئەم چالاکییە هەرەمەکی بێت یاخود لەسەر بنەمایەکی ئاڕاستەکراو بیت بەڵام ئەمە لە بنەڕەتدا چالاکییەکی عەقڵی ڕێکخراوە لەسەر چەند هەنگاوێک بڕوات کە ناودەبرێت بەوەی چۆن بیربکەینەوە و چۆن کێشەکان چارەسەر دەکەین (الشيباني،١٩٨٧،ص٣٦٥)

ئەم شێوازە لە وانەگوتنەوە ناودەبرێت بە ڕێگای پرۆژە (PROGECT METHOD) شیاوی ئاماژەپێدانە دیوی ئەم ڕیگایەی بۆ روون نەکردوینەتەوە بەڵام خوێندکارەکەی (کیلپاتریکKilpatrik) رونکردنەوەی پیداوین لەبارەی

ڕێگاکانی پرۆژە، ئەم هەوڵەی کیلیپاتریک بۆ دیاریکردنی چوارچێوەکانی ڕێگای پرۆژە لە کاتێکدابووە کە لە لایەن پەروەردەکارانەوە نەتوانراوە کۆکبن لەسەر پێناسەیەکی گشتگیرو هەمەلایەن بۆ شێوازی وانەگوتنەوەی پرۆژە، بۆیە سەرباری دیاریکردنی پرەنسیپەکانی ئەم شێوازە بەم شێوەیەش پێناسەی ڕێگای پرۆژەی کردووەو دەڵێت:"ئەو چالاکییە مەبەستدارەیە کە لەچوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەگوزەرێت و جێبەجێدەکرێت"(قەرەچەتانی،٢٠١٤،ل٧٥).

دیوی گرنگیەکی زۆر بە توێژینەوە دەدات، هەروەها باوەڕی پێیەتی و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە باشترین ڕێگەو شێوازی زانستی دادەنێت، بەو واتای مەبەستییەتی فێرگەکان بگۆڕدرێت بە دامەزراوەیەک فێرخواز لیوەیان فێرببێت چۆن تویژینەوە ئەنجام بدات نەک پشت بە دەرەنجامی توێژینەوەکانی تر ببەستێ و قبوڵی بکات (المرزوقی،١٤٠٢ه،ص٥٣) هەربۆیە وەک دەردەکەوێت بەشێکی گرنگی ڕێگای وانەوتنەوەی پراگماتی یاخود ڕێگای پڕۆژە بریتییە لەو هەنگاوانەی لە شێوازی میتۆدی توێژینەوەی ئەزمونی (استقرائي Enductio) دا پەیرەو دەکرێت، چونکە دیوی ئەم پێنج هەنگاوە دیاری دەکات کە پێویستە لە شێوازی وانەگوتنەوەی پرۆژەدا ڕەچاوبکرێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کە بریتین لە:

1. هەستکردن بە کێشەکە.
2. زانینی بابەتی کێشەکەو دیاریکردنی لە ڕێگەی تێبینی و بینینەوە.
3. گریمانە و گریمانەکان و دانانی چارەسەر.
4. تاقیکردنەوەی گریمانەکان و چارەسەرەکان.
5. پراکتیزەکردنی چارەسەرەکان.

دیوی پێیوایە ڕێگەی گونجاو بۆ ڕێکخستنی شارەزایی لە پڕۆگرامی خوێندندا لە ڕێگەی پڕۆژەدا دەبیت، کە فێرخواز دەتوانێت زۆرترین ڕاستی وشارەزایی کارامەیی وەربگرێت (الشیبانی،١٩٨٧،ص٣٥٤-٣٥٥)، ئەم تێروانینەی دیویش بۆ ڕێگای وانەگوتنەوە خۆی لە چوارچێوەی ئەو بەرهەڵستیەدا دەبینێتەوە بۆ سیستمە ترادسیۆنیانەی پەروەردە کەوا لە فێرخواز دەکات وەک ئامێرێکی لیٚ دێت تەنها زانیاری وەردەگرێ و لەبەری دەکات بەبێ ئەوەی هیچ چالاکییەک و کردەیەکی هەبێت، لێرەوە بانگەشەی ڕێگەی پڕۆژەی کرد، کە کۆی دەکاتەوە لەنێوان چالای جەستەیی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی فێرخواز و هاوکاری دەکات بۆ فێربوون، لێرەدا بە شێوەیەکی لۆژیکی پشت بە خودی خۆی دەبەستی بە هاوکاری کەسانی تر (المرزوقی،١٤٠٢ه،ص٥٣)

لەگرنگترین تایبەتمەندییکانی ڕێگەی پڕۆژە ئەوەیە کە فێرخواز ئاوێتە دەبێت لەگەڵ بابەتەکەدا چونکە ئەمە لە دیاری کردنی بابەتەکەدا وەک ئەوەی لێدەکات خۆی دیاری کردبێت بۆیە دەگوترێت ڕێگەی پرۆژە هەموو پێداویستییە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

دەرونیەکانی فێرخواز پردەکاتەوە، لەبەر ئەوەی رەچاوی جیاوازی تاکەکەسی دەکات و هانی دەدەدات بۆ فێربونی بەکۆمەڵ و ئازادی دەکات لە کۆتوبەندی پەرتوکی خوێندنگە(الحصري و العنيزي،٢٠٠٠،ص١٩٤).

## ٣. پەروەردە و دیموکراسی

دیموکراسی واتایەکی فراوانتر وەردەگرێت زیاتر لەوەی سیستمێکی سیاسی بێت، بە شێوازێک، کە دیموکراسی و بنەماکانی لە شێوازێکی بەرێوەبردن و سیستمی سیاسییەوە دێتە نێو پرۆسەی پەروەردەوە و فێرگەکان و رەنگدانەوەی دەبێت لە دانانی پرۆگرام و شێوازی وانەگوتنەوەدا، لەم رووەوە دیوی بایەخ بە لایەنی سیاسی دەدات بە چەشنێک وەها پابەندە بە سیاسەتەوە کاتێک کە تەماشای فەلسەفەکەی دەکەی وا دەردەکەوێت کە سیاسەت ئامانجی راستییە بۆ فەلسەفە و پێشکەتنی کۆمەڵایەتی، جەخت لەوە دەکاتەوە لە گرنگیدان لە دۆخی لە ئارادابوی بابەتەکان نەک دۆخە جێگیر و ئەزەلییە گریمانەییەکان، بەم شێوەیە رەتکردنەوەی فەلسەفەی سیاسی ترادسیۆنی، کە پێیوایە تەنها بریتیە لە تێرامانی قوڵ لەسەر بنەمای پەیوەندی لۆژیکی جۆراوجۆر کەدورن لە راستی و چالاکی مرۆڤایەتی، ئەم گرنگیدانەی دیویش خۆی لە چەند ئامانجێکدا دەبینێتەوە لە گرنگترینیان:

١. دیوی هەوڵیداوە توێژینەوە فەلسەفییەکان وابەستە بکات بە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە (ضحى،٢٠١٦،ص٨٧).

٢. بەرەوپێشبردنی میتۆدی زیرەکی (منهج الذكاء)، کە بریتیە لە زیدکردن و گەشەدان بە شارەزاییەکانی مرۆڤ، بەشێوەیەک دەیکاتە ئامرازێکی بنەرەتیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەمەش ئەو شێوازە لە فەلسەفەیە کە ئاماژە دەکات بە زیرەکییەک کە رێکخستنێکی نوێ بێت بۆ شارەزاییەکانی مرۆڤ لە رێگەی کارەوە، ئەمەش بریتییە لە ناوەرۆکی دژایەتیکردنی فەلسەفەی دوالیزمی (دیوی،١٩٤٦،ص٣٣١).

٣. بەرەوپێشبردنی تیۆری سیاسی بەشێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ گەشەکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگە، کە ئەمانەش کرۆکی تێروانینەکانی دیوین بۆ گەشەسەندن.(ضحى،٢٠١٦،ص٨٨)، چونکە دیوی لەم کارانەیدا هەوڵدەدات دیموکراسی بکاتە بەشێک لە فەرهەنگی ژیانی رۆژانەی خەڵک(دیوی،٢٠١٩،ل٢٤).

ناتوانین بڵێین دیموکراسی تەنها لە لایەنی سیاسیدا خۆی دەبینێتەوە بەڵکو دیموکراسی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئاکاریش لەخۆ دەگرێت هەروەک دیوی دەڵێت"دیموکراسی شتێکی زۆر زیاترە لەوەی کە تەنها بریتیبێت لە شێوەیەک لە شێوەکانی دەسەڵات، پێش هەموو شێتێک بریتییە لە هەڵسوکەوت لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، هەروەها لە شارەزاییەکی هاوبەش کە توانای گواستنەوەی و فراوانبونی هەیە کە ئەمەش ئەرکی ژمارەیەک تاکی هاوبەشن کە گرنگی بە لایەنێک دەدەن کە کاری هەریەکێک لەمانە دەگەڕێتەوە بۆ کردەی ئەوانی تر... کەواتە شتێکی هەڵەیە کە پێمانوابێت


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

دیموكراسی شتێكی جێگیره له لایەتی هزری و ڕواڵەتی دەرەكییەوە... دیموكراسی ناكرێت شتێكی خێڵەكی و دەمارگیری و پیرۆز بێت..." بەڵكو سەرباری هەموو ئەمانە دیوی پێیوایە كە:"دیموكراسی، شێوازێكی پەتی فەرمانڕەوایی نییە، بەڵكو لە بناغەدا ڕێبازی ژیانی كۆمەڵگەیە و شارەزاییەكی ئاڵوگۆركراوە لە نێوانیاندا"(دیوی،٢٠١٩،ل٢٤)

بەم شێوەیە دیوی كاتێك ئاماژە بە مانایەكی فراوانی دیموكراسی دەكات، كە زیاترە لە شێوازێكی سیستمی سیاسی بە شێوازێك باسی لێوەدەكات، كە خۆی دەبینێتەوە لە گۆرانكاری بەردەوام و هاوكاری و هەماهەنگی نێوان ئەندامانی كۆمەڵگە، ئەم شێوازەی كۆمەڵگەش كە مرۆڤەكانی بتوانن بەم چەشنە لە كۆمەڵگەدا پێكەوە بن و ئامادەی ڕووبەڕوبونەوەی هەر گۆرانكارییەكبن لەپێناو مانەوەو بەردەوامبوندا، لە ڕوانگەی دیوییەوە دەبێت لە ڕێگەی سیستمێكی پەروەردەی كردەییەوە ڕێكبخرێت، كە بەتەواوی بنەماكانی دیموكراسی لە پایەكانی سیستمی پەروەردە و فێركردندا ڕەنگبداتەوە، بەم شێوەیە دیوی پەروەردە و دیموكراسی ئاوێتەی یەكدی دەكات بە شێوازێك كە پێیوایە ئەستەمە باس لە سیستمێكی پرۆسەی پەروەردەو فێركردنی سەركەوتوو بكەین گەر لە كۆمەڵگەیەكی دیموكراسیدا نەبێت.

هەروەك ئەوەی تاڕادەیەك ئاماژەمان پێدا تێڕوانینە پەروەردەییەكانی دیوی تەواو وابەستەی سیستمی دیموكراسی و بنەماكانی دیموكراسی دەبێت، ئازادی و یەكسانی، كە دوو بنەمای سەرەكی دیموكراسین لە تێڕوانینی پەروەردەیی دیویدا بایەخی تەواویان پێدەدرێت:

**١. ئازادی:** دیوی كێشەی تاك و ئازادی پێكەوە دەبینێت، پێیوایە پەیوەندیدارە بە نەریتە كۆمەڵایەتییەكانەوە، كە خۆی دەبینێتەوە لە داب و نەریت و یاسا كۆمەڵایەتییەكاندا(دیوی،٢٠١٠،ص٣٧ ،٢). كەواتە دیویش وەك یەكێك لە كێشەكانی ژیانی مرۆڤ لە ئازادی دەڕوانێت، بۆیە هەوڵی ئەوە دەدات لە نێو سیستەمە پەروەردەییەكەیدا مامەڵەیەكی دروستی لەگەڵدا بكات و دژایەتی تێدا ڕونەدات، ئازادی بكاتە پێویستییەكی ژیانی مرۆڤ بۆ گەشەكردنی بەردەوام، ئاماژە بەوە دەكات كە پەروەردە لە سایەی سیستمی دیموكراتیدا دەتوانێت ئامانجەكانی بەدیبهێنێت چونكە لە دیموكراسیدا پەیڕەوی كۆمەڵێك بنەما دەكرێت، كە بەتێڕوانینی دیوی دەكرێت لەڕێگەی داڕشتنی سیستمێكی پەروەردەی كردەییەوە مرۆڤێكی كامڵ بۆ كۆمەڵگە ئامادەبكرێت، ئازادیش یەكێكە لەو بنەمایانەی دیموكراسی كە لە هزری پەروەردەیی دیویدا مانایەكی فراوانتر وەردەگرێت وەك لەوەی لە دیموكراسیدا هەیە، چونكە دیوی هەوڵی ئەوە دەدات ئازادی تەواو لە سیستمی پەروەردەدا بۆ فێرخواز فەراهەم بكات، چونكە ئازادی و پەروەردە و ڕۆشنبیری پێكەوە تەواوكەر و بنچینەی یەكترن بەچەشنێك، پەروەردە هۆكارێكە بۆ ڕۆشنبیری، هەروەك چۆن ڕۆشنبیری هۆكارێكە بۆ ئازادی. هەروەها بە باوەڕی دیوی ئازادی شتێكی ڕێژەییە بەپێی كات و شوێن لە هەندێك كۆت و بەندی تایبەتی لەهەر كۆمەڵێكی دیاریكراودا، هەروەها ئازادی پێویستی بەوەیە كە هەستكردن بە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

بەرپرسیارییەتی لەگەڵدابێت، ئەگەرنا دەگۆڕێت بۆ فەوزا و گرنگی خۆی لەدەست دەدات، ئەو لایەنەشی كە بەرپرسە لە ئازادی بریتییە لە لایەنی كۆمەڵایەتی. پێویستە هەڵسوكەوتەكانی تاك لەگەڵ لایەنی كۆمەڵایەتیدا بگونجێت و هاوسەنگی رابگرێت، هەروەک دیوی ئاماژە بەوە دەكات ئەوەی وا لە مرۆڤ دەكات هاوسەنگی رابگرێت لە هەڵسوكەوتەكانیدا، هاوسەنگی كۆمەڵایەتییە لەلایەنی كاریگەری و دەرەنجامەكانی لەسەر خۆیی و ئەوانی تر(ضحی،٢٠١٦،ص١١٤-١١٥).

دیوی پێیوایە تێروانینی مرۆڤەكان لە بارەی ئازادییەوە پەیوەستە بە رۆشنبیری و كلتوری گەلانەوە، واتا چۆن گەلی جیاواز و هزری جیاواز هەیە، بەهەمان شێوەش تێگەیشتن لە ئازادیش لەم جیاوازییە بەدەر نییە، بۆیە پەیوەست بە تێڕوانینی كۆمەڵگەی ئەمریكی و كلتوری ئینگلیزی كە هەردوو كۆمەڵگەكە ئاراستەیەكی ئەزمونی رابەرێتییان دەكات دەڵێت:"ئازادی پەیوەندی هەیە بە دابونەریت و هزری تاكایەتییەوە (الفردیة) واتا خودی تاك لەو رووەوەی تاكێكە (أی الفرد نفسه من حیث هو فرد)، ئەم پەیوەندییە بە ئازادییەوە هێندە باوەڕپێكراوە كە خەڵكەكان پێیانوایە لە بنەڕەتدا شتێكی خودییە... سەریان لەوە دەسوڕما، كە كەسێک دەیوت ئازادی سەرچاوە و بناغەیەكی تری هەیە جگە لە سروشتی خودی ئەم تاكە"(دیوی،٢٠١٠،ص٣١، ٢)

لە هزری دیویدا ئازادی دەبێتە هۆكارێک بۆ دەستەبەركردنی سیستمێكی سەركەوتوی پەروەردەو فێركردن، سەرباری هەموو ئەمانە دیوی لە نێو سیستمە پەروەردەییەكەیدا رەچاوی ئازادی تاک دەكات، بەڵام باس لە گرنگی شێوازێكیش لە جڵەوگیركردن دەكات، كە بەباوەڕی دیوی نابێتە رێگر لەبەردەم ئازادی تاكدا، بەڵكو وای دەبینێت پێویستییەكی سروشتییە، هەر لە ساتی منداڵییەوە ئەم شێوازە لە جڵەوگیركردن لە نێو منداڵاندا بەدیدەكرێت، بۆ ئەم مەبەستە دەڵێت:"منداڵان لەكاتی بەتاڵ و دوای فێرگە یاری دەكەن، لە چاوشاركێوە بۆ بەیس بۆڵ و تۆپی پێ، یارییەكان یاسایان هەیە و ئەم یاسایانەش هەڵسوكەوتی منداڵەكان دیاری دەكەن... بەبێ یاسا یاری بونی نییە، ئەگەر ناكۆكی سەرهەڵبدات، ناوبژیوانێک هەیە پەنای بۆ دەبرێت..."(دیوی،٢٠٢٠،ل٧٩)، لێرەدا مەبەستی دیوی ئەوەیە كە هەرچەند ئازادی بۆ تاک گرنگە، بەهەمان شێوەش جڵەوگیری و پابەندبوون بە یاساشەوە گرنگە، بەڵام ئەو یاسایانە دەبێت رەنگدانەوەی ئەزموون بێت و لە سەرچاوەی دیكەوە بەسەر مرۆڤدا نەسەپێندرێت، چونكە گەر بەو شێوازە سروشتییە یاسا لە ئەزمون و هەڵسوكەوتی رۆژانەوە بێتە ئاراوە تاكەكەس هەست بەوە ناكات كە ئازادی لێ زەوتكراوە، بەڵكو دەبێتە پێویستی جڵەوگیری كۆمەڵایەتی.

**٢. یەكسانی:** لە تێروانینی دیویدا بەهەمان شێوەی ئازادی یەكسانیش بنەمایەكی گرنگی دیموكراسییە، بۆیە دیوی كاتێک بانگەشەی ئەوە دەكات كە ئەركی دەوڵەتە كە لە رێگەی سیستمی دیموكراتییەوە دەرفەتی پەروەردەی بەردەوام بۆ تاكاكانی كۆمەڵگە برەخسێنێت، ئەوا ئەم دەرفەتە پێویستە بەبێ جیاوازیبێت لەنێوان مرۆڤەكاندا، بەڵام سەرباری ئەمەش راستە كە لە كۆمەڵگە جیاوازەكانی ئەمرۆدا چینایەتی نەماوە، بەڵام ناشتوانرێت بگوترێت كە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

دەرفەتی پەروەردە و فێرکردن بەتەواوی بۆ سەرجەم کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی فەراهەمکراوە، بەڵکو ئەو جیاوازیانەش هەتاوەکو ئەمڕۆش دەبینرێن.

## ئەنجام:

1. سیستمی دیموکراسی واتایەکی پەروەردەیی هەیە، کە بریتییە لە هاوکاری مرۆڤەکان لە نێو کۆمەڵگەدا لەسەر بنەمای یارمەتیدان، لە پێناو سودی گشتیدا.
2. لە هزری دیویدا پەروەردە دەبێتە ئامڕازی مانەوە و بەردەوامی ژیانی مرۆڤ، ئەمەش لە ڕێگەی پێشکەوتن و گۆڕانی بەردەوامەوە، بۆ ئەم مەبەستەش میتۆدە ئامڕازگەرییەکەی دەبێتە ئامڕازی بەدەست هێنانی شارەزایی و لێهاتویی و کارامەییەک، کە سودی بۆ ژیانی مرۆڤ هەیە، بەڵام نەک سودی تاکەکەس، بەڵکو سودی گشتی، هەروەها مانای ئەوەش نییە کە ئامانج ئامڕاز ڕەوا دەکات.
3. یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکای ڕێکخستنی کۆمەڵگە بریتییە لە پیشە، چونکە پیشە دەبێتە ڕەخسێنەری دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ، کە لە بنەڕەتدا ئەم پێداویستیانەیە دەبنە پاڵنەری مرۆڤ بۆ حەز کردن بە ژیانی کۆمەلایەتی.
4. ڕەگەزەکانی پەروەردە کە بریتین لە فێرخواز، مامۆستا، فێرگە، پرۆگرامی خوێندن و ڕێگاکانی وانەوتنەوە بە باشترین ئامرازی کارکردنی پەروەردە دادەنرێت، بۆ ئەوەی پەروەردە بتوانێت ئامانجەکانی خۆی لە نێو کۆمەڵگەدا بەدیبهێنێت، ئەمە لە کاتێکدا پەروەردە پراکتیزەکردنی هزرە، ڕەگەزەکانی پەروەردەش دەبنە ئامڕازی ئەم پراکتیزەکردنە، ئەرک و ئامانجی هەر یەکێک لەو ڕەگەزانە بەپێی سەردەم و گۆرانکاری و پێشکەوتنە کۆمەلایەتییەکان گۆرانیان بەسەردا دێت، وەک ئەوەی دەبینین لە پەروەردەی نەریتیدا مامۆستا دەبێتە سەنتەری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، بەلام لە پەروەردەی هاوچەرخدا فێرخواز دەبێتە سەنتەری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، بەلام ئەم گۆرانکارییانە تەنها سەردەم ڕۆڵی تێدا نابینێت، بەڵکو پێویستە زەمینەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەش ئامادەبێت بۆ ئەو گۆرانکارییانە.
5. ئەم شێوازە لە پەروەردە و فێرکردن لە هزری دیویدا لە ڕوانگەی ئەو تێروانینەوە سەرچاوە دەگرێت کە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ هەیەتی، بە چەشنێک دیوی ڕۆڵی گرنگ بە مرۆڤ دەدات، ئامانجی سەرەکی پەروەردەش پەیوەست دەبێت بە تواناکانی مرۆڤ و هەروەها ڕەخساندی دەرفەت لەڕێگەی پەروەردەوە بۆ برەودان بەو توانایانەی سروشتی مرۆڤ لە پێناو زیادکردنی توانای شارەزایی مرۆڤ بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو ئاستەنگە جیاوازانەی لە ژیاندا دێتە ڕێگەی مرۆڤ، لەم ڕێگەیەوە توانای مانەوە و بەردەوامی بە مرۆڤ دەدات.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

# Pedagogical Thinking in Pragmatism John Dewey

**Muslim Hassan Muhamad**
Department of Philosophy, College of Human Sciences, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** dr.muslimhasan2004@uor.edu.krd

**Sarkar Hama Rashid Saeed**
Department of Philosophy, College of Human Sciences, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** sarkar.saeed@univsul.edu.iq

**Abstract:**

The process of life is linked to continuity and survival among all the organisms, and human being in nature are the most intelligent living organism unlike all other organisms in the sense that he is a social being since he desires to live in civilized life. By civilized life we mean a life where all individuals live in society for the sake of fulfilling the diverse needs they are unable to fulfill by themselves, because survival and continuity is not uneasy task since they constantly changing and increasing, so the members of a given society have to take the responsibility for achieving each other's needs. The concept of education in the human society is said to be more different and extensive than other living things is because this process consists of developing mature members for the society, so that they can take the responsibility placed on them by that the society.

The function of education is to determine the most appropriate methods, which are represented by the educational thinking of the thinkers and philosophers who organize the process of education and its suitability in a way that is compatible with all times, environment and. Pragmatism is considered as one of the approaches that has a great role in solving problems taking place among communities, so that education becomes a tool for solving problems associated with the human social live.

**Keywords:** Pragmatics, Education, Democracy, Student, Teacher, School.

## سەرچاوەکان

دێوی، جۆن(٢٠١٩): فێرگە و کۆمەڵگە، وەرگێرانی: جیهاد موحەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

دیوی، جۆن(٢٠٢٠): ئەزمون و پەروەردە، وەرگێرانی:پەرۆش محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

عەزیز، حەمید(٢٠١٣): فەلسەفەی سەردەم لە ئەوروپا، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

عەزیز، حەمید(٢٠١٦): تیۆری زانین زانستییانە، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلێر.

عزیز، کەریم احمد(٢٠١٩): پرۆگرامی پەروەردەیی دەروازەیەک بۆ ناسینی پرۆگرام و شیکردنەوەی کتێب، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخسی نارین، هەولێر.

قەرەچەتانی، کەریم شەریف(٢٠١٤): سایکۆلۆژیا و رێگاکانی وانەوتنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

محەمەد، ئەحمەد عەلی ئەلحاج(٢٠٠٨): فەلسەفەی پەروەردە، وەرگێرانی: طە محەمەد ئەمین قەرەداغی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

الاهواني، أحمد فؤاد(١٩٨٧): جون ديوى، دار المعارف، مصر.

الالوسي، حسام محي الدين(١٩٨١): بواكير الفلسفة قبل طاليس، الطبعة الثانية، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت.

الحصري، على منير و العنيزي، يوسف(٢٠٠٠): طرق التدريس العامة، مكتبة الفلاح، الكويت.

جيمس، وليام(١٩٦٥): البراجماتية، ترجمة: محمد علي العريان، دار النهضة العربية، القاهرة.

ديوى، جون(د.ت،١): المدرسة و المجتمع، ترجمة: احمد حسن الرحيم، مشورات دار مكتبة الحياة، بيروت-لبنان.

ديوى، جون(د،ت،٢): تجديد في الفلسفة، ترجمة: امين مرسى قنديل، مكتبة الانجلو المصرية،.

ديوى، جون(١٩٤٦): الديمقراطية و التربية وهو مقدمة في فلسفة التربية، ترجمة: الدكتور متى عقراوى و زكريا ميخائيل، مطبعة الجنة، القاهرة.

ديوى، جون(٢٠١٠، ١): اعادة بناء في الفلسفة، ترجمة: أحمد الانصاري، الطبعة الاولى، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

ديوى، جون(٢٠١٠، ٢): الحرية و الثقافة، ترجمة: أمين مرسى قنديل، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_8 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

ديورانت، ول(٢٠٠٤): قصة الفلسفة من أفلاطون الى جون ديوي، ترجمة: فتح الله محمد المشعشع، الطبعة الاولى، مكتبة المعارف، بيروت–لبنان.

رشوان، محمد مهران(١٩٨٤): مدخل الى دراسات الفلسفية المعاصرة، الطبعة الثانية، دار الثقافة للنشر و التوزيع، القاهرة.

زيدان، محمود فهمى(٢٠١٠): وليم جيمس، الطبعة الثانية، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، الاسكندرية.

الشمري، عبدالامير سعيد(٢٠٠٨): الفلسفة الامريكية أداتية جون ديوي في المعرفة، الطبعة الاولى، مطبعة دار الصنوبر، بغداد.

الشيباني، عمر محمد التومي(١٩٨٧): تطور النظريات و الافكار التربوية، الدار العربية للكتاب، ليبيا.

علي، سعيد اسماعيل(١٩٩٥): فلسفة تربوية معاصرة، عالم المعرفة، القاهرة.

فام، يعقوب(١٩٨٥): البراجماتيزم، دار الحداثة، بيروت.

كامل، فؤاد(١٩٩٣): اعلام الفكر الفلسفى، المعاصر، الطبعة الاولى، دار الجيل، بيروت.

المرهج، علي عبدالهادي(٢٠٠٨): الفلسفة البراجماتية اصولها و مبادئها، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية بيروت، لبنان

وولف، أ(د.ت): فلسفة المحدثين و المعاصرين، ترجمة: ابو العلاء عفيفي، الطبعة الثانية، مطبعة لجنة التأليف، القاهرة.

صليبا، جميل(١٣٨٥): المعجم الفلسفي، الجزء الاول، الطبعة الاولى، المطبعة سليمانزاده.

لالاند، أندرية(١٩٩٦): موسوعة لالاند الفلسفية، ترجمة: خليل احمد خليل، جزء الاول، منشورات عويدان، بيروت.

رزكار على صالح(٢٠١٣): فلسفة التربية و السياسة عند جون ديوى، رسالة ماجستر، جامعة المنصورة، كلية الاداب.

ضحى صدام بلاسم(٢٠١٦): الديمقراطية عند جون ديوي، رسالة ماجستر، جامعة بغداد، كلية الاداب.

جواد كاظم فهد، ٢٠٠٥: الفكر التربوي لدى جون ديوى، مجلة كلية التربية للبنات، المجلد(١٦)، العدد(١).